www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17:43 22-11-2005

# جەلیل زەنگەنە و گەردەلول لەبە ردەم چەند پرسیارێکی کوردستان نێت دا

دیدار و ئامادەکردنی: ئاسۆ.. ستیڤان.. ئامانج



دوابەدوای نمایشکردنی زنجیرەی تەلەفیزیۆنی (گەردەلوول) لەشاشەی کەناڵی (کوردسات) ەوە بەرهەمەکە ڕوبەڕووی چەندین ڕەخنەو نووسین و هەڵوەستە لەسەر کردن بۆوە.
بۆئەوەی زیدەتر بە هەندێلایەنی دیارو شاراوەی زنجیرە کە ڕۆبچینە خوارێ و هاوکات ئەو ڕەخنانەی هەمانە دەربارەی زنجیرەکە بیانخەینەڕوو، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ هونەرمەند (جەلیل زەنگەنە) دەرهێنەری زنجیرەی گەردەلوول سازدا

پ: لەماوەی رابردوودا چەند زنجیرەیەك لەکەناڵە کانەوە نمایشکران کۆی ئەو زنجیرانە و ناوەڕۆکەکانیان گوزارشت کردن بوو لە کێشە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵام گەردەلوول لەسەرسیاسەت هەلوەستەی کردووە بۆ ئەمەشگەڕاوەتەوە بۆ باکگراوندێکی مێژوویی کەڕووداوێکە لەشاری سلێمانی قەوماوە، دەکرێبپرسین بۆچی گەردەلوول؟ بۆچی سیاسەت؟

جەلیل زەنگەنە: بەردەوام من باسی ئەوەم کردووە کە ئێمە میللەتی کورد زۆر ستەم و ناخۆشی و بێزاریمان چەشتووە، هەرلەوەتەی چاومکردۆتەوە، مێژووی خۆشمان دەخوێنینەوە ئەمەم بەدیکردووە. شۆرشی شێخ مەحمود، شۆرشی مهاباد، شۆرشی شێخ سعید پیران، شۆرشی مەلامستەفا یانی هەچیەکی سەیردەکەی، ئێمەچەشتوومانە و هەربەدەست دوژمنانەوە بووین ونەیان هێشتووە هەرگیز ئیسراحەت بکەین.
نەتەوەی ئیمەش زۆرشتمان لەبیردەچێتەوە، ئنجا جبای ئەوەی ئێستا کەتەنی (20) ساڵە هیچ سەبارەت بەڕژێمی بەعسی نازانێ، ڕەنگە ئێستا سەدام ببینن لەدادگا بەزەییان پێدابێتەوە!
نازانن ئەو سەدامە چی بەسەر میلەتی کورد هێناوە؟ چی لی نەکردووین؟ هەرلەکۆمەڵکوژی و ئەنفال و کیمیایی باران گرتن و بڕین و زیندان و تاد..............
بۆئەوەی کوردەی ئێمە دووملیۆن و نیو کەسمان زیاتر لە هاندەرانە؟ بۆ حەز بەغەریبی دەکەن؟حەز دەکەن وڵات بەجێبهێڵن؟ پێان خۆشە لەناو کەسوکاری خۆیان نەمێنن؟هەیانە هەردایك وباوکی نەدیوەتەوە، یانی ئەمانەمان بۆبەسەربێت؟
لەبەرئەوەمن دەڵێم و بەردەوامیش ئەمەم وتووە، ئێمە دووسێ تەلەفیزیۆنمان هەیە کەناڵی ئاسمانین، هەقی ئەوەمان هەیە کەشتی کوردی خۆمان، شتێك سەبارەت بەمیللەتەکەمان بێت لەبەرئەوەی من ویستوومە بەنەوەی ئێستا بڵێم ئاوڕبدەنەوە بۆ دواوە، بۆ ڕابردوو، بزانن هەرپێشمەرگەقارەمانانە، ئەو کوردە بەستەزمانانەی کوردی پاکن چیان بەسەرنەهێناوە؟ هەرلەبەرئەوەی نەدۆڕاون! چیان لێنەکردوون؟ بۆیە بەردەوام حەزدەکەم کارەکانم سەربەمیلەت بێ، بۆیە بائاگاداربین ئێستاش دوژمنەکانمان

هەرلەسەر پێن بۆ ئێمە، هەموودەوروبەر وەك خۆی ماوەتەوە، فورسەتیانە هەرئەوەندەكورد پشتەكەی نەمێنێ ونوقمی زەوی بكەنەوە! بۆیە پەنام بردۆتە بەر ئەو جۆرە زنجیرانە یان ئەوجۆرە كارانە جامامەڕیشە دەڵێن؟ خولە پیزە دەڵێن؟ ژاڵەدەڵێن؟ كامەیان دەڵێن ئەوانەی كەبەدەستیمن هاتۆتە دەرەوە.
ئێستاش كەكەناڵ، كەناڵی ئاسمانیە هەقە ئێمە كێشەی گورە تەرح بكەین، كێشە یەك بێ لە ویژدانی خەڵكدا بمێنێتەوەبەڵام بەشێوەیەكی هونەریی نەك سیاسەتی ڕووت.

پ: هەست بەوەدەكەین دووركەوتنەوەیە كی زۆر هەیە لەبنەڕەتی ڕووداوەكە كە ساڵی 1976 ڕوویداوە ئایا ئەم دووركەوتنەوەیە فاكتۆرێكە بۆ گرێكانی داهاتووی زنجیرەكە یان بەشێكە لە پرۆسێسی ئێستا تیكای ناو بەرهەمەكە؟

جەلیل زەنگەنە: هەموو شتێكی واقعی ناكرێت بەزنجیرە یان بەفلیم یان بەشانۆ، پێویستە خەیاڵی دانەری تیابێ، سیناریۆكە هەندێجار پەنابەرێتە بەر فەنتازیاو ئیستاتیكا، بۆئەوەی جەماوەر وەربیگرێ وچێژی لی ببینێت، ڕەنگە منداڵ ئەگەر بەشێوەیەكی واقعیانە و فۆتۆگرافیانە ئەمەم بكردایە ئەوە لە ڕۆژنامە وتارێكم بڵاوبكردایەتەوە یان ڕیپۆرتاژێكی دیكۆمێنتیم بكردایە سەبارەت بەو حاڵەتانە وەك كراوە، بەڵام منبیكەمە زنجیرە و خەلكەكە وەربیگرێ حەتمەن دەبێ ئەو ژیانە بگۆڕم، هەروەهامن ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم زنجیرەیەم بەكارهێناوە یەكێك لەوانە قسەكانی بەڕێز (مەلا بەختیار) ە كەچۆنێتی ئێدانی پارێزگاری بۆمن باسكرد، نەهاتووم وەك خۆی بیگوێزمەوە، منتەنیا ئەوەم وەرگرتووە كە چۆنیان لێداوە، پارێزگاریش نەك وەك ناو بەڵكو وەك ڕەمزی دەسەڵاتی بۆگەنی فاشی ئەو سەردەمە وەرم گرتووە، هەرتەنیا لێدانەكەم وەرگرتووە، ئەگینا ئەوانیتری هەمووی خەیاڵی خۆمە، بۆنموونە پێویستە بریندارهەبێ ودوای بكەن، پێویستە یەكێك لەبریندارەكان بگیرێ، بۆئەوەی زنجیرەكە بەردەوام حاڵەتی تەرەقوب و حاڵەتی گومان و حاڵەتی ترس و گرتن و تەشویق و ئەوانەی تیابێ، لەهەمان كاتدا سوودم لەچەند یسەرچاوەیەكی تروەرگرتووە وەك ئیحا، لەوانە شەوە سپیەكان، لەوانە بۆ ڕژوازی بچوك بچوك، لەوانە شانۆگەریی (كچەڵاڵەكە) كەلەساڵی 1971 خۆم تیا بەشداربووم لەدەرهێنانی (سەكان فایەق)، لیگیڵ (ماكبێس) ی ولیەم شكسپیر بەڵام ئامادەكردنی خۆم بوو، وەرگێرانی بەڕێز (مەحمودزامدار) بوو، یان هەندێ سەرچاوەی تركەتەنیا ئیحام لی وەرگرتوون، ئەكەرنامن نەهاتووم كارێكی فۆتۆگرافیانە بكەم.

پ: هەندێكجار كارەكتەرەكان هەندێ موفردەو زاراوەیان بەكاردەهێنا كە بوعدێكی فەلسەفی و فیكری قوڵیان هەیە، پرسیارم ئەوەیە هەست ناكەیت كارەكتەرەكان زیاد لە خۆیان هۆشیارترن هەروەك (لینین) لە ڕەخنە لە (گۆرگی) داددەڵێ كرێكارەكانت زیاد لە پێویست هۆشیارن؟

جەلیل زەنگەنە: بڕواناكەم ئەمەوابێ، بەو شایەدییەی زۆربەی خەڵك باسی دەكەن و دەڵێن بە پێچەوانەزمانەكە وادابەشكراوەتە سەر ئەكتەرەكان وادەزانی ئەوئەكتەرانە خۆیان قسە دەكەن و هی خۆیانە!بۆنموونە حمەڵ كەقسەدەكات كوافەلسەفەی تیایە؟بەڵام ڕۆشنبیرێكی وەك ئەو پارێزەرە دەهێنم كەحەزی لە كتێبی (ساعه الخامسەوالعشرون) ە

حەتمەن جیاوازیی هەیە لەگەڵکریکاریك کەهیچ نازانیٚ، لەهەمانکاتدا حاجیم هێناوەتەوە، حاجی کابرایەکی نیشتمان پەروەرە، تێگەیشتوو، خۆشەویست، کوردپەروەرە، کەقسەدەکات حەتمەن ئەو سیفاتانەی تیایە بەڵام کوا فەلسەفیانە قسەدەکات؟ ئەو ڕێگای داوە بەکچەکەی کەشانۆگەریی بکات بەڵام ترس هەیە لەکەسوکاری ولە خاڵی، کچەکەش کەلە شانۆگەریەکەدا قسەدەکات، زمان زمانی (ماکبێس) ە، بەڵام کواشتی فەلسەفی وای تیایە؟ بەپێچەوانەوە فەلسەفەکە زۆر بچوك وئاسان کراوە بۆ ئەوەی خەڵك هەمووی لێی تێبگا.

پ: هەندێ جاری تر دوورکەوتنەوەیەکی زۆر بەدیداەکرا لەناوەڕۆکی سەرەکی زنجیرەکە ئایا ئەمە جۆرێکلەدرێژکردنەوە نەبوو! ئەڵقەی (10-12) کۆی زومی کامێرالای عەباسەفەندی و کوڕەکەی بوو لەدەورێکی کۆمیدییدا ئایا خۆت ئەوەت بەدینەکرد زیاد لە پێویست بوویان ئەمە شێواندنی یەکێتی بابەت نەبوو؟

جەلیل زەنگەنە: دەتوانم بڵێم بەڵی ونەخێر کەدەلێم نەخێرمن ئەگەر بهاتمایە ئەم زنجیرەیەم لەیەکەم ئەڵقەوە کەخوێن وکوشتن و عەسکەرتاریەت و ڕاونان وگرتن و تۆقاندن بووە، زیندان بوو، ئەمن بوو، هەتا کۆتایی نیشان بدایە، دڵنیام خەڵك بێزاردەبوو لێی، دڵنیام خەڵك وەرینەدەگرت، چونکە یەك ڕیتم دەڕۆی، خستومەتە ناو چوارچێوەی خۆشەویستی و پێکەنین و کۆمیدیا وهەندێ لایەنی ترەوە بۆ ئەوەی ئەم زنجیرەیە خۆشەویست بکەم کە دەڵێم بەڵێ لەهەمان کاتدا تۆزێك لە کۆمیدیا کە زیادەڕەویی تیاکرا، ئێمە لە مۆنتاژدا چاکی دەکەینەوە مادام جەماوەر پێی ناخۆشە بێ، مادام بینەر نایەوێ.
بەڵام ئەگەر ئەم کۆمیدیایەشی تیانەبوایە ئێمە نەماندەتوانی بەو ڕیتمە تاکۆتایی بەرین، هەناسەیەك بوو جەماوەر پشووی تیادا بۆ ئەوەی ئەڵقەکانی تر کەدیسان زیندان و کوشتن و بڕین دەست پێدەکاتەوە قوبوڵ بکەن ئەگینا قبوڵ نەدەکرا.

پ: ئەم پرسیارەم دەربارەی هەڵەیەکی تەکنیکییە، حاجی سعید بەرزگار وهاورێکەی دەڵێ کەشۆرشی ئەیلول هەڵگیرسا منیش وەك ئێوە گەنج بووم، بوومە پیشمەرگە بڕیارمدا ژن نەهێنم تاکوردستان ڕزگاردەبێ بەڵام دەبینین حاجی سێ منداڵی هەیە کە هەرگیز قبوڵ ناکرێ بەئەوەی دوای شۆڕشی ئەیلول یان بزانین چونکە زەمەن ساڵی (1976) ە خۆئەگەر حاجی هەرلەسەرتای شۆڕشی ئەیلول پەشیمان بووبێتەوە و ژنی هێنابێ واتە دەبێ منداڵە گەورەکەی 14 ساڵ بێ.

جەلیل زەنگەنە: بەڵێ جۆرێکە لە هەڵەی تەکنیکی، ئێمەکە (تێك) مان ڕاکێشا زوو دەستمان پێکرد و (تیك) ی ترمان ڕانەکێشا ئەوانەی هیچی تیانەبوو، کەچی لە ژووری مۆنتاژ سەیردەکرێن ئەوەهاتە پێشەوە، بۆیە جارێکی تر کەپێدا چووینەوە ئەوش چاك دەکەینەوە.

پ: (شەونم) کچی حاجی لە ژوورەکەی خۆی دنیشتوە لەبەرچرا کەتیلەفونی بۆدێ و دەڕوا بۆلای تەلەفونەکە (شیرین) گڵۆپ هەڵدەکات ئایا ئەمە هاودژی نیە؟
جەلیل زەنگەنە:شەونم ئەوەندە مەغروربووو (چۆمان) یگەیاندە ئەوڕادەیەی لێی تورە بوو، ئەو تووشی پەشیمان بوونە وەهات، قەلەقی گرتی و شەو خەوی لێنەدەکەوت، کەهەڵسا

چراکەی هەڵگرت ویستی کەس ئیزعاج نەکات، بەوشەوە بۆخۆی بڕوا سەربەست خۆی وەرگرێ بۆ قسەکردن، چونکە ئەو چرایە تامێکی هەیە بەتایبەتی شەوبێ، هەندێ شتی زاتی و سۆزداری هەیە زیاتر دەردەکەوێ ئەگەر بەتاریکی وبە تەنیابێ، هەڵکردنی چراکە دەهێنێتەوە سەرواقیع، خۆیەوە کەقسەدەکات زۆر بە سۆزدارییەوە لەگەڵی بدوێ، بەڵام خوشکەکەی ئەو خۆشییەی لا دەبڕێ و دەهێنێتەوە سەرواقیع، بۆیە قسەی پێدەکات و دەڵێ ئەوبوو جوابی نەدایتەوە دەبخۆ دەردت بێ، لەبەر ئەوەی تۆ زۆر مەغرور بووی، ئەو چەند جار تەلەفونی بۆدەکردی ئەووت بڕۆ شیرین وەڵامی بدەرەوە. س

پ: یەکێك لەکەموکورتیەکان وەرگێڕانی دیالۆگە عەرەبیەکان بوو بەتایبەتی کەتۆدەڵێی کارەکەم بۆ نەوەی نوێیەو ئەو نەوەیەش زمانی عەرەبی نازانێ!؟

جەلیل زەنگەنە: ئەوەیان ڕاستە، ئێمە کەمونتاژمان تەواوبوو، ووتمان ئەمڕۆ وەرگێڕانەکەی دەست پێدەکات، بەڵامتەنیا یەك ئەڵقەمان وەرگێرا بینیمان بەیانی ڕەمەزانە، ئەوئەوەمان نەدەکرد وتمان پێنج شەمە ڕەمەزانە، سێشەمەیاکرد بەڕەمەزان، بەڵام ئێستا وەرگێڕانەکەی تەواوبوو، لەگەڵ هەندێ دەستکاری و جوانکاری تر، ئەوانەش چاك دەکەین بەم زووانە جارێکی تر پێشکەشی دەکەینەوە.

پ: (دڵشاد) کەزیندانیە کاتێ هاوسەرەکەی و منداڵەکەی دەهێنن بۆلای کۆی دیالۆگەکانیان شانۆییە نەك درامی، شێوزی کوشتنی ژن و مناڵەکەشی وەك موبالەغەو جۆرێك لە مکیاژ دێتە بەرچاو.

جەلیل زەنگەنە: پرسیارەکەی تۆ دوولایەنە، لایەنێکی هونەریی و لایەنێکی فیکریی.
هونەرییەکە کە دەڵێی وەك شانۆگەرییە، ناوانیە، ئەگەر سەیری بکەی گوتەکانی زۆر دەگۆڕێن!یان حاڵەتی شانۆگەریی چییە لێرە؟ کامێرا هەندیجار چاو وەدەگرێ، هەدێجار دەست وەردەگرێکەئەمە لە شانۆدا بوونی نییە.
بۆمەسەلەی ژە و منداڵەکەی کە دەیکوژن و دەیهێنە بەرچاوی، بۆبەعسی کەم ئەم کارەی کردووە، بەعسی هەمووشتێکی کردووە، هەرچی کاری نامرۆڤانەیە کردویەتی بەرامبەرمان ئیتر بۆ یاسا و بۆ حکومەتێکی بۆگەنی فاشی بهێنینەوە و بڵێن شتی وای نەکردووە.

پ: لە گرتەیەکدا یەکێك لە پێشمەرگەکان دووجار میلی چەکەکەی دەهێنێتەوە؟

جەلیل زەنگەنە: ئەگەرگرتەیەکی ترهەبێت لەنێوانیاندا گرنگ نییە، بەڵام ئەگەر یەك گرتە بێ خەلەلە، وهیچ کارێکی هونەریش ئەگەر زنجیرەبێ یان هەر شتی تر بێ کەموکورتی نابێ وداوای لێبوردنیش لە بینەرانی خۆشەویست دەکەین.

پ: ماهیرلە ڕۆڵی (عەباسە فەندی) دا هەمان ڕۆڵی بەرجەستە دەکرد کەلەبەرنامەی هەمەڕەنگ و هەندێ شانۆیی کۆمیدیی ڕۆڵی تێدا گێرا بوو؟

جەلیل زەنگەنە: منیش دەڵێچم هندێجار دەچۆیەوە سەر هەمەڕەنگ، لەبەرئەوەی (ماهیر) یێك لەساڵی 1991 وە لەکەشکۆڵەوە لە هەمەڕەنگەوە لەهەندێ شانۆگەریی دیکە کەپێشکەشی کردووە، چۆتە حاڵەتی کۆمیدیاوە زۆر بەزەحمەت دەتوانرێ لەو حاڵەتە دەربیکەی و بیبەیتە حاڵەتێکی دیکە، بەڵام هەوڵی داوەو ئێمەش هەوڵمان داوە، (ماهیر) بەڕاستی ئەکتەرێکی چاکە. م وای دادەنیم یەکێکە لە هونەرمەندە ئێسك سووك و چاکەکان، بەڕاستیش ئەم زنجیرەیە کەوتە سەرئەستۆی ئەو بەدووحاڵەت: حاڵەتی کۆمیدیا و حاڵەتی تراژیدیا کۆمیدیاکە ڕەنگە هەندێجار زیاد ڕەویی تیادا کردبێ بەڵام ئەگەر ئەو کۆمیدیایەش نەبوایە لەتراژیدیاکەدا خۆشەویست نەدەبوو، یان تراژیدیا کە تامی نەدەبوو، بەڵام کابرا ڕۆح سووك و خۆشەویستە، کەبەس بۆخۆی دەژیا چی بەسەردەهێنن، نەکوری ما نەژنی ما نەماڵی ما و ئەوترا ژیدیایەی بەسەرهات، بەڵام تۆ کۆمیدیاکەت دێتەوە بەرچاوتەنها ئەم پیاوە ئێسك سووك ودەم بە پێکەنین وئاساییە چیان بەسەرداهێنا؟ ئەمەبوومەسەلە کە.

پ تۆزنجیرەکیەکت باسی ڕێکخستن و لایەنێك دەکات کە ڕەوتێکی مارکسی – لینین بووە بەڵام هەرگیز لە زنجیرەکەدا بەر هیچ لە شتیکی لەمجۆرە ناکەوین بۆچی؟

جەلیل زەنگەنە:منداڵان ئێستا زۆر داوام لێدەکەن و بە دڵنیاییەوە دەڵێممن ئیستا بەشی دووەمم بەدەستەوەیە واخەریکم لەنووسینەوەو سیناریۆکەی دەبمەوە وزیاتریش لەکاتم دەبا، ڕەنگە لێرە هەندێ شت بڵێم، چونکەکات هەیە، لەوێ بوارنەبوو، لێدان وگرتن و ڕاکردن و خەستەخانە بواریان نەداوە تا هەندێ شتی تر بڵێم و باسیان بکەم، بەڵام ئەو دەمە کە هاتمە سەربەشی دووەم ڕنگە بوارهەبێ لەناو شاخدا لە ئەشکەوتدا هەندێ باسی ئەو شتانە بکرێ، ئەو کاتە ڕەنگە بتوانم، ئەوەش جارێ نازانم تاتەواوی نەکەم.

پ: دەبینین لەچەند گرتەیەکدا هێزە تایبەتەکانی بەعسی لەدەرگای ماڵان دەدەن وەك ماڵی حاجی سەعید لەکاتێکدا بەعسی خاڵی بووە لەمجۆرە ئەدەبە تۆخۆت چۆن ئەمە دەبینی؟

جەلیل زەنگەنە: ئەوەی (حەمەتاڵ) منداڵان بەلێدانی دەرگا هێناوە، بەڵام ئەوانەی (قوە الخاصە) ئەگەر سییرت کردبێ لە قادرمەکان دێنە خوارێ.
بۆ مەسەلەی لەدەرگا دانیش هەندێجار مەسەلەی جوانکاری دەوردەبینێلێرەدا، یانیپێشمەرگە لە ژوورەوەیە ئەگەر بهاتمایە ولەسەربانەوە بمهێنایەتە خوارێ ڕەنگە شەڕێکی گەورە دروست بوایە، منتیا زیانم دەکرد و نەدەبووبەو زنجیرە یە، حاڵەتەکەوا داوادەکات بۆ ئەوەی خەڵك واتە سەوربکەن، ئیستا پێشمەرگە وئەوان شەڕدروست دەبێ لەنێوانیان، بەڵام سستەرەکە (جوان) بەسەدریەکەوە دێتەدەرێ و لەگەڵیان دەکەوێتە گفتوگۆ و حاڵەتەکە ڕزگاردەکات.

پ پێتوانیە (حەمەتال) کەڕۆڵی فریشتە دەگێرێ زادەی فەنتازیایە بۆ نموونە لەوکاتەدا تەنیا ئەو ڕائیدەکە خۆیان دەکەن بەماڵی حاجیدا و ڕزگاریان کردن لەو هەمووتەنگو چەڵەمەیە؟

جەلیل زەنگەنە:دیسانەوە دەڵێم ئەگەر وام نەکردایە توشی شەڕدەبووم، ئەگەر لەبیرتان بێ حاجی پێیانی وت ماڵی منداڵ کاول نەکەن وریابن، ئەوانیش ئەو نمەکەو ئەوگەورەیەی حاجیان بەهەند زانی ئەگەر خۆشیان تیاچوون، بەڵام حاجی پێانی وت گەرگەیشتە ئەو ڕادەیە خۆم پیتان دەڵێم وەرنە خوارەوە چی دەبێ باببێ ئەوکات! ئەوان ڕێزی ئەو حاڵەتەی ماڵی حاجی یان گرت، بەڵام ئەگەر حەمەتاڵ نەهاتبایە چی ڕوویدەدا؟ حەتمەن شەڕێ گەورە ڕوویدەدا، ڕەنگە لەوێزنجیرەکە کۆتایی بهاتبایە و هەرئەوەندە بوایە. تۆدەبێ بگەرێ بۆ هەندێ جوانکاریی بۆ هەندێ شتی فەنتازی، بەڵام ئەوەنیە حەمەتاڵ لەپڕهاتبێتە ژوورەوە، ئە ٔ ئەوە سەرەتای هەبوو، بۆ نموونە حاجی بانگی دەکات بۆ مەسەلەی رزگار، ئنجا حەمەتاڵ دەچێ لەگەڵ ئەبو ئەرکان قسەدەکات، پێشتریش حەمەتاڵ شتی کردووە، شێرکۆی بەرداوە، ئەوانەی هەبووە ئەو سەرەتایانەی هەبووە لای بینەر کەحەمەتاڵ هاتە ژوورەوە نامۆنەبو، حەمەتاڵ لەوێ زیاتر خۆشەویست بوو چونکە ئەو نەهاتووە کورد بداتە گرتن، حەمەتاڵ وەك هەندێك واسەیری دەکەن خۆفرۆش نییە بەپێچەوانەوە حەمەتاڵ بۆ کورد ئیشی دەکرد بەڵا/ بەپارە بۆئەوەی بژی، بەس ئەوەی نەکردووە خیانەت لەمیللەتەکەی بکات! بڕوا کورد بدابەدەستەوە یان پێشمەرگە بگرێ بەپێچەوانەوە بەرەڵایانی کردووە، خیانەتی لە میللەت نەکردووە، ڕەنگە خیانەتی لە هەندێ شت کردبێ بۆ پارە بەس خیانەتی گەورەی نەکردووە، هەیە میللەتی فرۆشتووە، هەیە خیانەتی لە خەڵك کردووە، ئەوانە لای منداڵ زەقن وەك ئەوەی ماڵی خەزووری دڵشاد بەگرت دەدات کە خۆی دەکات بەهەژار ئەوە جاسوسە ئەوە خەتەرە، یان ئەوەی تریان کەموستە شارە قەڵەوەکەیە بەجلی کوردی و جامانەوەیە ئەوانە خەتەرن نەك حەمەتاڵ.

پ: کاتی هێزە تایبەتەکانی بەعسی لەدەرگادەدەن لەیەکێ لەگوندەکاند، جوان سەدریەکەی لەبەردەکات و دەچێ بەرەو پیریان ئایا ئەمە خۆی گومانێك دروست ناکات ئاخۆ لەماڵەوە چ پێویست دەکات ئەوجلەی لەبەردابێت؟

جەلیل زەنگەنە: ئەو وای تێگەیاندن کەئێستا هاتووەتەوە............... بۆیە سەدریەکە لەبەردەکات بۆ ئەوەی بزانن سستەرە ئەو سەربەدەوڵەتە و ئەو دەڵێ من فلان و فلا، دەناسم و من ئێستا پارێزگارم تەواوی کرد و هاتوومەتەوە ئیسراحەت دەکەم و دیسانەوە دەرۆمەوە، یانی بەوجۆرە حاڵەتەکەی رزگارکرد.

پ: لەناو زنجیرەکەدا ماوەیەك تەرخان کرابوو بۆشانۆیەك کەشانۆیی (ماکبێس) و گرنگی و ئاماژەی ئەم شانۆیە لەکوێدا بوو؟ جەلیل زەنگەنە:بۆ ئەوەی بڵێم ماڵی حاجی چەند پێشکەوتوون وکچەکەیان ئەوەتا بەشداری شانۆ گەریی دەکات، بۆچی (ماکبێس) منداڵان هەڵبژارد؟ لەبەرئەوەی (ماکبێس) باسی خوێن دەکات باسی ئەو میزات دەکات کە هەمووشتێك دەکاتە خوێن لە پێناوی خۆیدا بۆ ئەوەی خۆی ببێ بە شاوژنەکەشی بەشاژن، یانی لێرە دامەسەلەکە پەیوەندی هەیە بەمەسەلەی خوێن ڕشتن لە پێناویزاتدا.
پ: چەند جارێ گوێمان لی بوو چرۆ بەهەناری دەوت بابچین بۆ حانوت لەکاتێکدا ئەم ووشەیە لەزانکۆ بەکارنایەت و لەبری ئەوەدەڵێن کافتریا. ؟

جەلیل زەنگەنە: ئێمە بۆ ئەمە زۆر پرسیارمان كردوە لەوانەی كۆن ئەودەمە لە زانكۆبوون زیاتر دەیان ووت وشەی حانوت بەكاردەهات ئەودەمە، كافتریا تازەكەوتۆتە بەینەوە، ئێمە لەبەر ئەوەی تێنەكەوین هەردووحاڵەتەكەمان بەكارهێناوە، هەندێ جار بەحانووت و هەندێجاریتر بەكافتریا. ئەمانە ئەگەر هەڵەش بن تاوانی مننیە چونكە بۆ ئەو شتانە زۆر پرسیامان كردووە كە ئایا ئەو سەردەمەچیان پێ وتووە؟ هەندێك دەیان ووت حانوت هەندێكیتر كافتریا، ناچار ئێمەش هەردوو حاڵەتەكەمابەكارهێنا بۆ ئەوەی هەردوولای تیابێ.

پ: شەخسیەتەكانی ناوزنجیرەكە لەواقیعدا بوونیان هەیە یان تەنیا وێنەیەكی خەیان؟

جەلیل زەنگەنە: بۆ لێدانی پارێزگار هەن، ئێستاش هەندێكیان ماونەتەوە، بەڵام هەموو ئەواننی تر خۆم چوومەتەناویانەوە، ڕەنگە دوای ناردنەدەرەوەی مەفرەزەكە كەناردمە دەرەوە، بۆشاخ لەگەڵیان دابنیشم وقسەبكەم، بزانم چیان كردووە لە دەرەوە وچیان نەكردووەچونكە لەگەڵیان نەبوومە خۆیان بۆم دەگێڕنەوە و باسی دەكەن.
بەڵام مەرج نیە منیش وەك خۆیان باسی بكەمەوە ناچارم بۆ فەنتازیای ئیش، بۆ ئەوەی ئیشەكە هەمووی یەكبگرێ وخەتی دراماكە بڕوا ناچارم دەستكاری هەندێ لەو حاڵەتانەبكەم.

پ:/ هەندێك خەڵك پێیان وایە تۆ لەزنجیرەكەتدا باسی دەكەیت بەشێكە لەپرۆسەی سەروەرییەكانی شەهید ئازاد هەورامی هەندێكیتر دەڵێن نەخێر شەهید فەتاح ئاغا خۆت لەمبارەیەوە چی دەڵێی؟

جەلیل زەنگەنە:ئەوكەسانە سەرپشكن چۆن تەحلیلی دەكەن وباسی دەكەن، منبۆخۆم هەمووشتێكم وتووە، هیچ شتێك باس ناكەم ونەم وتووە بۆ دوەی ببیتە ئەوكەسەبەدیاریكراوی، ببێتە دیكۆمێنت لەكارەكەدا، منشت دەڵێم بۆ نمەەنە بۆ ناوی (دڵشاد) منا كەجیهاد دڵپاك بەرجەستەی دەكات ئەوە بەس پیرۆزییە بۆ شاعیری شەهید (دڵشادمەریوانی) بەڵام مەرج نییە لێرەدا دڵشاد شەهیدبكەم.

پ: هۆی چییە لەناو پۆلێك شاعیر بەدیاریكراوی ناوی (شێركۆبێكەس وپەشێو) دەبرێ لەزنجیرەكەدا ئایا هیچ شاعیرێكی تری شۆڕشكیر نەبووە ناوی بێت؟

جەلیل زەنگەنە: ئەو دووشاعیرە زۆر گەرەو پیرۆزن، هەمووشاعیرەگەورەكان و هەمووشێركۆیە، شێركۆبێكەسیش هەبوو، خۆم لەساڵی 1972 چاوم بەشێركۆبیكەس كەوت لەكەركوك كە میهرەجانی چیرۆك وشرعربوو، بەچ دەردێك دەهات لەهۆتێلەكەوە دەیاهێنا و (ئەمن) بەردەوام بەدوامانەوەبوو، شێركۆ ئەو دەمەش ساڵی1976 نەفی كرابوو بۆ (بغداد) خۆم لەگەڵیاقسەم كردووە بەتەلەفون، جاكە ناوی (نزارقەبانی) بێنم ئەی بۆچی ناوی نەهێنم؟

عبداللە پەشێویش کە شاعیرێکی واگەورەبێ و چەندین ساڵەلەئاوارەیی و دەربەدەریدا دەژی، شاعیرێکی ئەوەندە گەورەو کورد پەروەر بۆ ناوی نەهێنم؟ ئەی ئەگەر من ناوی نەهێنم کێناوی بهێنێ؟!

پ:ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام لەدوای ئیلقەدا لە دواگرتەدا نووسرا گەردەلوول لێرەوە دەست پێدەکات ئایا لەمە لە هەڵوێستی دیڵ گۆڕینە وە دەست پێدەکات کەدوژمن دانت پێدادەنێ یان کۆی زنجیرەکە بەهەموو و گوزارشتێکە وە کەئەمە سەرەتای گەردەلوولە؟

جەلیل زەنگەنە: حەتمەن مەبەستم ئەوەیە لەمیانەیئەو (25) ئەلقەیەدا مەبەستمە بلێم گەردەلوول لێرەوە دەست پێدەکات یانی چەخماخەی شۆڕش لێرەوە دەست پێدەکات، کە ئەمەش واتای ئەوەیە ئەمانە بوونیان هەیە، ئەودەم سەدام دوای نسکۆکە دەتووت ئیتر هەرگیز گۆیتان لەئەمە نابێ لەچیاکانەوە بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوەتا گەردەلوول دەستی پێکرد، لێرەوە گەردەلەئەل دەستی پێکرد و تەقەدەستی پێکرد و لێرەوە هاتنە پێشەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا بەو واتایەیەبەردەوامیە هەیە و مەبەستم ئەوەیە بەردەوامی ئەم زنجیرەیە ماوە تەوە و دەست پێدەکاتەوە.

(کۆتایی)